## شۆڕشڤان سدیق شرۆ:

# پێویستە لە کلیپدا تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردی لەبەرچاو بگیرێ



**سەرەڕای ئەوەی کەسانێك رەخنە لە هەندێك کلیپی کوردی دەگرن بەوەی کە لە ئاستی پێویست نییە و لەرووی سیناریۆە کەموکوڕی زۆری تێدایە و ناوەڕۆکی گۆرانییەکە و کلیپەکە لە یەکتر دوورن، تەنانەت بەشێك لە رەخنەگران پێیانوایە هەندێك لە دەرهێنەرانی کلیپ لاسایی هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکان دەکەنەوە و پشت بە وروژاندن و نمایش کردنی ئافرەتان دەبەستن بۆ سەرکەوتنی کلیپەکانیان، بەڵام بەشێك لە دەرهێنەرە کوردەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدان و**

سەرکەوتنی هەر کلیپێك بەندە بە دانانی سیناریۆیەك کە لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستەکەدا بگونجێت لە هەمان کاتدا نواندنێکی سەرکەوتوو لەلایەن خودی گۆرانیبێژەکە یاخود کەسێکی تر کە رۆڵی دەبێت لە کلیپەکە، لەم بارەیەوە شۆڕشڤان دەڵێ: هەر دەرهێنەرێك دەزانێت چ پێویستە بۆ ئەو کلیپەی کاری تێدا دەکات دوای ئەوەی گوێی لە ئاوازەکەی دەبێت و لە ناوەڕۆکی تێکستەکە دەگات، هەموو دەرهێنەرێك حەز دەکات کلیپەکەی لەو پەڕی باشیدا بێت و ئەگەر ئامۆژگاری، یان رێنماییەکیش بە ئەکتەر، یان گۆرانیبێژەکە بدات، ئەوا بۆ سەرکەوتنی کارەکەیە.

یەکێك لە مەرجە گرنگەکانی هەر کلیپێك ئەوەیە کە بۆ کۆمەڵگە گونجاو بێت و بە هیچ شێوەیەك نابی سنوورەکان ببەزێنێت، سەبارەت بەم بابەتە شۆڕشڤان دەڵێ: کۆمەڵگەی کوردەواری چەند دابونەریتێکی تایبەتی هەیە کە پێویستە لە هەر کارێکی هونەریدا لەبەرچاو بگیرێت، بۆیە من پێموایە لە هەموو کارێکی هونەری کوردیدا پێویست دوو شت رەچاو بکرێ کە بە لای منەوە زۆر گرنگن، یەکەمیان: هەست و سۆزی کۆمەڵگەی کوردی زۆر گرنگە، چونکە ئێمە کار بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین، دووەمیشیان زۆر حەز لە نوێبوونەوە دەکەم کە پێموایە ئەمەش زۆر پێویستە بۆ هونەری کوردی، بەڵام نابێ هیچیان لەسەر حیسابی ئەویتریان بێت، هەروەها من هەوڵ دەدەم ئەو شتانە لە کلیپەکانمدا نیشان بدەم کە زیاتر پێی بناسرێت، بۆ نموونە جلوبەرگی کوردی، شان بە شانی شتی نوێ لە کلیپەکانمدا رەنگ دەدەنەوە.

دەرهێنانیش وەك هەر بوارێکی دیکەی هونەری ستایلی تایبەتی بە خۆی هەیە و هەر دەرهێنەرێکی بە شێوازێك ناسراوە سەبارەت بەم خاڵە گرنگە شۆڕشڤان دەڵێ: هەر کەسێك لە دید و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە کارە هونەرییەکانی خۆی و بە شێوەیەکی جیاواز خوێندنەوەی بۆیان هەیە، من هەر کارێك بیکەم بە قەناعەتەوە دەیکەم کە ستایلی تایبەت بە خۆمە لە بواری دەرهێنان، هەر کارێکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەوانە سیناریۆ، مۆنتاژ و هەڵبژاردنی شوێنی کار، کە من پێموایە هەموویان گرنگن و بە یەکەوە گرێدراون بۆ سەرکەوتنی هەر کلیپێك، بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی چاوی مرۆڤ حەز لە بینینی شتی جوان و رەنگاوڕەنگ دەکات، تێکەڵاوی ئەم رەنگانە لەگەڵ جووڵەی بەردەوام بەشداری دەکەن لە رەخساندنی جیهانێکی خۆش و تازە بۆ چاو و مێشك و دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی بینەر، هەروەها



**ئەگەر کارەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی تەکنیك و تەکنۆلۆژیا لەگەڵ کلیپە بیانییەکان بەراورد بکەین هیچی لەوان کەمتر نییە ئەگەر باشتر نەبێت، یەکێك لەو لاوە سەرکەوتووانە لە بواری کلیپ شۆڕشڤان صدیق شرۆیە کە تا ئێستا کاری بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە کوردەکان کردووە و کارەکانیشی لە ئاستێکی بەرزدان.**

من خۆم باکگراوەند هەڵدەبژێرم، بۆیە زۆر پێویستم بە بەکارهێنانی کرۆما نییە.

سەبارەت بەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستە لە دەرهێنەری کلیپدا هەبێت، شۆڕشڤان پێیوایە دەرهێنەر بە گشتی پێویستە لە چەند لایەنێکی هونەری شارەزا بێ، گوتیشی: من لە یەك کاتدا شێوەکار، موزیکژەن و هەروەها وێنەگریشم، پێویستە ئەم سێیە بە یەکەوە لە یەك کاتدا بەکاربهێنم و بە باشترین شێوە نیشانیان بدەم، چونکە جیهانی من لەو هونەرانە پێکدێت.

شۆڕشڤان لە خێزانێکی رۆشنبیر پەروەردە بووە، سەبارەت بە کاریگەری باوکی لەسەری لە بواری هونەریدا دەڵێ: بێگومان باوك کاریگەریی لەسەر رۆڵەکانی هەیە لەو کارەی پێشکەشی دەکەن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ژینگەی دەوروبەریش کاریگەریی بە سەر مرۆڤەوە لە هەمان کاتدا هەوڵدانی هەر کەسێك بۆ دەرخستنی ئەو توانا و بەهرەی کە کەسەکە هەیەتی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی خۆی و پەرەپێدانی تواناکانی رۆڵێکی زۆر خودی مرۆڤەکەش لە بوارێکی دیاریکراو هەیەتی، ناکرێ فەرامۆش بکرێ، بۆیە روو کردنم بۆ بواری دەرهێنان شتێکی سەیر نییە.

# نور و ئیزیل
# گشت کارەکانیان ڕاگرتووە



خانمە ئەکتەری تورک سینیم کۆبال کە بە (نور) ناسراوە، گشت کار و چالاکییەکانی ڕاگرتووە و ئێستا هەموو کاتی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەکتەری کینان ئەمیرزالی ناسراو بە (ئیزیل) کە بڕیار وایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە لە یەکێک لە دوورگە خۆشەکانی تورکیا ئەنجامی بدەن.

سینیم ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئاهەنگەکە دەکات و بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە (نور) تا ئێستا ١٥ کەسی پسپۆڕ لە جوانکاری و لە ڕێکخستنی ئاهەنگەکانی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەربکەوێت و بڕی ١٠ هەزار دۆلاری تەنیا بۆ ئەم مەبەستە خەرج کردووە، هەروەها هۆتێلێکی تایبەت گرتووە بۆ میوانەکان کە هەموویان ڕۆژێک بەر لە ئاهەنگەکە بە کەشتییەکی تایبەت دەگوازرێنەوە بۆ ئەو دوورگە گەشتیارییەی کە ئاهەنگەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت و تەنیا بۆ گواستنەوەی میوانەکان بڕی ٧٠ هەزار دۆلاری تەرخان کردووە.

بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە هەردوو هونەرمەند یەکێک لە سوپرایزە گرنگەکانی ئاهەنگەکە بریتییە لەوەی کە کینان خۆی بە نیازە گۆرانی بۆ ئامادەبوون بڵێ، لەم بارەوە سەرچاوەکە ڕایگەیاند: هەرچەندە چەند گۆرانیبێژێکی ئامادەی ئاهەنگەکە دەبن، بەڵام کینان زۆر حەز لە گۆرانیوتن دەکات بۆیە لە ئێستاوە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە ئاهەنگەکەدا بەشی هەبێت لە گۆرانیوتن.



# هالی تازە بە تازە ڕوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات

بەر لە چەند ڕۆژێک خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیوود هالی بیری سەردانی لەندەنی کرد و لە فرۆکەخانەی هیسرو وێنەگران چەند وێنەیەکیان گرت، ماڵپەری ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی بەشێک لە وێنەکانی بلاوکردبۆوە و چەند کۆمێنتێکیشی لەسەر وێنەکان نووسیبوو.

بەپێی ماڵپەرەکە هالی بیری وا ناسراوە کە زۆر گرنگی بە جوانی خۆی دەدات، بەڵام واپێدەچوو کە ئەم جارە پێچەوانە بێت، چونکە لەکەیەکی ناشیرین لەسەر دەموچاوی دیار بوو و ناکرێ کەسێکی وەک هالی بیری کە بە یەکێک لە جوانترین ئەکتەرەکانی هۆلیوود ناسراوە بەو شێوەیە لە شوێنێکی گشتی دەرکەوێت.

لەلایەکی دیکەوە و بۆ یەکەم جار هالی بیری ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر و ئەنستگرام کردەوە و لە ئەنستگرام وێنەیەکی نیمچە ڕووتی خۆی بلاوکردەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەیەوێ بەهێزەوە ڕوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

لەژێر وێنەکە نووسیبووی: سڵاو لە ئێوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە و هاندەرە بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێم، ئەم وێنەیە ڕەنگدانەوەی هەست و بیری منە، هەست بە ترس دەکەم لە وێنەگرتن، چونکە دڵنیا نیم بتوانێت ئەو جیهانە ناوازەی تێدا دەژین وەک خۆی بخاتەڕوو، دڵخۆش دەبم بە بەشداریتان لە خۆشەویستیم بۆ سروشت و هونەر و مۆدە، هیوادارم ئەم وێنەیە هانتان بدات بۆ گفتوگۆی زیاتر و بەردەوام.



# سانی لیۆن هێرش دەکاتە سەر ڕەخنەگران

یەکێک لەو هونەرمەندە هیندییانەی کە هەمیشە ڕەخنەیان لێدەگیرێت و بە زۆر شێوە هێرشی دەکرێتە سەر لەلایەن ڕەخنەگرانی سینەماییەوە، خانمە ئەکتەر سانی لیون-ە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کارەکانی زیاتر وروژێنەرن و لە زۆربەی کارەکانیدا نیمچەڕووت دەردەکەوێت.

سانی لیۆن ماوەیەکی زۆر بەرامبەر بەم ڕەخنانە بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵام بەم دواییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر ڕەخنەگران و لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی (IANS) وتی: هەمیشە هەوڵ دەدەم جەماوەرم دڵخۆش بکەم و یەکێک لەو کارانەی کە بتوانم زیاتر دڵخۆشیان بکەم ئەوەیە کە بتوانم خەڵاتێکی سینەمایی گەورە بەدەست بهێنم، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەخنە بێ بنەما و ئەو هێرشانەی ڕەخنەگران دەیکەنە سەرم ڕەنگە لە ئێستادا زەحمەت بێت بتوانم خەڵاتێک بەدەست بهێنم.

سانی لۆین زیاتر وتی: ڕەخنەگران پلیت نابڕن بۆ بینینی فیلمەکان و ئەو فیلمانەی هەڵسەنگاندنیشیان بۆ دەکەن بە خۆڕایی دەیبینن، تەنیا جەماوەرە بە پارە سەیری فیلمەکان دەکات و ئەوەی بۆ زۆر گرنگە ئەوەیە کە لە ڕووی جەماوەرییەوە فیلمەکانم زۆر سەرکەوتوون و بینەریان لە زۆرێک لەو فیلمانە زیاترە کە خاوەنەکانیان خەڵات بەدەست دەهێنن، ئەمەش بۆ من گەورەترین سەرکەوتنە، چونکە سەرکەوتنی هەر هونەرمەندێک پەیوەستە بە جەماوەرەکەیەوە، ئەگەر جەماوەر لێی ڕازی بێت ئەوە لە خەڵات گرنگترە، هەرچەندە من خۆم بە شایەنی خەڵاتیش دەزانم، بەڵام تاکە ئاواتم ئەوەیە بتوانم جەماوەر زیاتر ڕازی بکەم و بە هەموو شێوەیەک لەو پێناوەدا هەوڵ دەدەم، چونکە پشتگیری جەماوەر هانم دەدات بۆ پێشکەش کردنی کاری باشتر.

دۆمینیك حورانی:

# ڕەخنە هانم دەدات بۆ ئەوەی کاری باشتر پێشکەش بکەم

**بەشێك لە گۆرانیبێژ و ئەکتەرە میسری و لوبنانییەکان بەوە ناسراون کە پشت بە وروژاندن و خۆ رووت کردنەوە دەبەستن بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە کارەکانیان بە دەست بهێنن، چونکە رەخنەگران پێیانوایە هیچ بنەمایەکی هونەرییان نییە بۆ ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە بناسرێن، یەکێك لەوانە (دۆمینیك حۆرانی)ی مۆدێل و گۆرانیبێژی لوبنانییە، بەڵام ئەو زۆر گرنگی بەو رەخنانە نادات و بە شتێکی ئاسایی و ئەنجامی سەرکەوتنی دەزانێت و پێیوایە کە ئەمە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتر بۆ ئەوەی کاری باشتر پێشکەش بکات. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی پرسیارەکانی بەشی هونەریی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**





*** تۆ لە کار کردن و لە گەشتی بەردەوامدای لە نێوان وڵاتان و زۆریش سەرقاڵی بە کاری هونەرییەوە،ئەمە کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتیت نییە؟**

-ژیانی هونەرمەندان وا دەخوازێت کە هەمیشە لە گەشت و گەڕانی بەردەوامدا بن، ئەمەش تا رادەیەك زەحمەتە و رەنگە نەتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی بەرنامەیەك بۆ ژیانی خۆی دابنێت لە هەموو روویەکەوە وەك وەرزش و گرنگیدان بە کاروباریماڵەوە، بەڵام من هەوڵمداوە هیچ لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆیشم فەرامۆش نەکەم و بە هاوکاری کەسوکارەکانم تا رادەیەکی زۆر توانیومە لەمەدا سەرکەوتوو بم.

*** تۆ یەکێك بووی لەوانەی هەمیشە ئاواتەخواز بووی رۆژێك لە رۆژان ببیت بە دایك، ئێستا کە کچەکەت گەورە بووە، هەست بە چی دەکەی؟**

- ئێستا دیلارای کچم هەموو شتێکی ژیانمە، هەر خولەکێك لەگەڵی بۆ من هەموو دنیا دەهێنێ، من خەونم بە دایکایەتییەوە دەبینی، بەڵام دوای ئەوەی بووم بە دایك هەستم زیاتر گۆڕا و زیاتر چێژم لە ژیان وەرگرت، ژیانم بە تەواوی جیاوازە، ئێستا زیاتر بیر لە دوارۆژی کچەکەم دەکەمەوە.

*** ئەو هەموو گەشت و گەڕانە ماندووت ناکات؟**

- من بەوە ناسراوم کە کەسێکی چوست و چالاکم و ماندوو دەبم لە پێناو سەرکەوتنی کارەکانم و لە کۆتاییدا چێژی لێ وەردەگرم و بڕوام بەوە هەیە کە ئەو کەسەی بیەوێ پشت بە خۆی ببەستێت وسەرکەوێت لە کارەکەیدا پێویستە هەموو تواناکانی خۆی لە پێناو ئەو ئامانجەدا تەرخان بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت.

*** چی زیاتر بۆ کاری بەردەوام هانت دەدات؟**

- من هەر لە منداڵییەوە بەوە ناسراوم کە کەسێکی بەهێزم، ئەمەش بەردەوام بووە لە رێگای پەروەردە و شارەزایی و سوودوەرگرتنم لە ئەزموونەکانی ژیان و توانیوم ئەو لایەنەی کەسایەتیم بەهێزتر بکەم. سوپاس بۆ خوا ئێستا گەیشتوومەتە ئەو قۆناغە کە بە ئاسانی ناکەوم، تەنانەت زۆر لە کەسە نزیکەکانم بە ئافرەتە ئاسنینەکە و ئافرەتی بەهێزتر لە پیاو بانگم دەکەن، چونکە من بەرگری لە مافەکانی خۆم دەکەم تا کۆتایی و بە هیچ شێوەیەك لە کەس قبووڵ ناکەم مافم بخوات.

*** تۆ یەکێکی لەوانەی بە زیاد لە پێویست بە جورئەت و وروژاندن تۆمەتبار دەکرێی، بۆ ئەم تۆمەتانە چی دەڵێی ؟**

- من لەگەڵ ئەوەم ئافرەت بتوانێت بە هێزەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام پێویستە

ئافرەتیش سنوورەکان نەبەزێنێت لە پێناو ناوبانگ و سەرکەوتن، بۆ من ئاساییە کە لە ماڵەوە دانیشم و وەك هەر کەسێکی دیکە ژیانی ئاسایی و رۆژانەی خۆم بژیم، سەبارەت بە رەخنەکان من نامەوێ باس لە وردەکارییەکانی ئەم رەخنانە بکەم و گرنگییان پێنادەم، تەنانەت ئامادە نیم گوێشیان لێ بگرم، بەپێچەوانەوە هەندێك لە رەخنە هانم دەدات بۆ ئەوەی کاری باشتر پێشکەش بکەم، من کەسێکم بڕوام بە تواناکانی خۆم هەیە و تەنیا گرنگی بە سەرکەوتنی کارەکەم دەدەم، زیاتر خۆم بە سەرکەوتنی کارەکان و پێشکەشکردنی کاری جوانەوە سەرقاڵ دەکەم، بەشێوەیەکی گشتی هەر کەسێك سەرکەوێت و ببێتە خاوەن جەماوەر لە هەمان کاتدا رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە و پێویستە قبووڵیان بکات.

*** تا چەند مافی ئافرەت لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان وەکو پێویست پارێزراوە؟**

- گشت بوارەکانی ژیان بۆ پیاوان فەراهەم کراون و کاتێك ئافرەت لە کۆمەڵگەکانی ئێمە لە ماڵەوە دانیشێ لە خەڵك دادەبڕێت و ناتوانێت بەو شێوەیە بژیت کە خۆی دەیەوێ، من لەگەڵ ئەوەم کە پیاو نازم بکێشێت و داخوازییەکانم جێبەجێ بکات، لە هەمان کاتدا پێویستە ژیانی ئافرەت پڕ بێت لە چالاکیی بەردەوام و مافەکانی یەکسان بن لەگەڵ پیاو، بەڵام ناشکرێ هەر بوارێك پیاو رۆڵی تێدا هەبێت، منیش هەمان داواکاریم هەبێت، بۆ نموونە لە بواری سیاسەت کە پیاوان تێیدا باڵادەستن، چونکە من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە بە هیچ شێوەیەك نامەوێ باس لە سیاسەت بکەم و خۆم لە بابەتە سیاسییەکان هەڵقورتێنم، هیواخوازیشم هەموو چالاکییە سیاسییەکان لە پێناو خزمەتکردنی خەڵك و پێشخستنی وڵات بێت.

*** پێوەندیت لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چۆنە؟**

- ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هەموو کەسێك، بۆ هونەرمەندانیش زۆر گرنگە، چونکە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە و ناتوانن لێی دابڕێن، هونەرمەند دەتوانێت لە رێگای فەیسبوك و ئەنستگرام و یۆتیۆبەوە بیروڕاکانی خۆی دەربڕێت و بە کەمترین کات زۆرترین کەس دەیبینن، ئەمەش پێوەندی نێوان هونەرمەند و جەماوەر بەهێزتر دەکات، بێ ئەوەی پێویستی بە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی هەبێت

## پرۆفایل:

دۆمینیك حۆرانی لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایکبووە، کچی نووسەر و مێژوونووسی لوبنانی جۆزیف حۆرانی-یە، هەڵگری بڕوانامەیە ماجستێرە لە بەڕێوەبردنی کار لە زانکۆیەکی ئەمریکی، لە ساڵی ٢٠٠٧ ژیانی هاوسەری لەگەڵ رەزا ئەڵماسی بزنیسمانی ناسراوی بە رەچەڵەك ئێرانی پێکهیناوە و کچێکیان هەیە بە ناوی (دیلارا). ساڵی ٢٠٠٣ بە مۆدێل هاتە نێو بواری هونەرییەوە، هەر ئەوساڵ نازناوی شاجوانی کیشوەرەکانی بەدەستهێنا، لە هەمان کاتدا یەکەم کلیپی خۆی کە بریتی بوو لە ریکلام بۆ کۆمپانیایەکی جلوبەرگ، دوای سەرکەوتنی ریکلامەکە رووی لە بواری گۆرانیوتن کرد و لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم گۆرانی خۆی پێشکەش کرد.

جگە لە گۆرانی دۆمینیك بەشداری لە زنجیرە درامایەك بە ناوی (عیون خائفه) کردووە دواتریش دەستنیشان کرا بۆ بەشداریکردن لە فیلمی (البيه الرومانسى)، بەڵام رازی نەبوو و حەزی دەکرد زیاتر فێرە شێوەزاری میسری بێت.

